ئەو بەرپرسانەی بەرپرسیارن لە کار و چالاکی عێراق لە وڵاتی سوید سویدیان جێهێشتووە

وەزارەتی دەرەوەی عێراق ڕۆژی شەممە پشتڕاستی کردەوە کە ئەو بەرپرسانەی بەرپرسیارن لە کار و چالاکی عێراق لە وڵاتی سوید، سویدیان جێهێشتووە.

وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی عێراق، ئەحمەد ئەلسالحەف، لە بەیاننامەیەکدا کە ئاژانسی "المطلع" پەی گەیشتووە وتی: "بەگوێرەی فەرمانی سەرۆک وەزیران بەڕێز محەممەد شیاع سودانی و جێبەجێکردنی ئەو ڕێوشوێنانەی وەزارەتی دەرەوە کاری لەسەر کرد لەم بارەیەوە، بەرپرسانەی عێراق شانشینی سویدیان جێهێشتووە".

ئەم کردەوەیە وەک ناڕازایەتی دژی ڕێگەپێدانی وڵاتی سوید بە سوتاندنی قورئانی پیرۆز بە جاری دووەم لە بەردەم باڵیۆزخانەی عێراق لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید.